# ئەوەی سەرنجی راکێشام پێشکەوتنی یانەی هەولێرە لەهەموو لایەنەکەوە



ئەستێرەی بەناوبانگی عێراق فەلاح حەسەن لە دایکبووی ساڵی ١٩٥١ شاری میسانە خێزاندارە خاوەن ٣ منداڵە ٢ کوور و کچێك کوڕەکانی ئیهاب و تسیر یاریزانی تۆپی پێن لە ولایەتی میشیگان لە ئەمەریکا یاری دەکەن لە هەمان کاتدا فەلاح حەسەن راهێنەریتیان لەم یانەیە، فەلاح حەسەن بۆ یەکەمجار یاری لە یانەی بەرید کرد کاتێك تەمەنی ١٧ ساڵ بوو ئەم یانەیە لە خولی پلە دووەکانی عێراق یاری دەکرد، لە مێژووی خۆیدا یاری بۆ یانەکانی قوە جەویە و یانەی شاب و یانەی زەوڕا کردووە لەم یانەیە مایەوە تا بە یەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا، فەلاح حەسەن لەگەڵ یانەی زەوڕا لە ساڵی ٧٨-٧٩ بووە گۆڵکاری خولی عێراق بە تۆمارکردنی ٧ گۆڵ، ئەم یاریزانە لەگەڵ گشت هەڵبژاردەکانی عێراق یاریکردووە و زیاتر لە ١٢٠ یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی ئەنجامداوە یەکەم یاری نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٧٠ بوو بەرامبەر هەڵبژاردەی پۆڵەندا یارییەکەش بە یەکسان بوونی هەردوو یانەی بە ئەنجامی ١-١ گۆڵ بە کۆتا هات،و چەندین دەستکەوتی بۆ هەڵبژاردەی عێراق و یانەکانی عێراق بە دەستهێناوە، بەڵام خەونی گەورەی نەهاتە دی کاتێك نەیتوانی بەشداری لە جامی جیهانی ١٩٨٦ بکات هەندێك هۆکاری بۆ پێکان دەگەڕێتەوە و هەندێکیش بۆ چەند هۆکاری سیاسی دەگەڕێنەوە، دوای ئەوەی فەلاح حەسەن بە داوتنامەی یانەی هەولێر سەردانی شاری هەولێری کرد بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبدەین.

دیمانە: رێبین رەمزی
Rebin1985@yahoo.com

*** چۆن دەڕوانیە باری تۆپی پێی عێراق لە کاتی ئێستا؟**

- باری تۆپیی پێ عێراق دڵ خۆشکەر نییە و چەندین کێشە هەیە، کە گرنکتریان دابەزینی ئاستی زۆربەی یانەکان ئەمەش دەبێتە هۆکاری دابەزینی ئاستی گشت هەڵبژاردەکانی عێراق.

*** کۆبوونەوەیەکتان لە بەغدا ئەنجامدا کە تیاییدا زۆربەی وەرزشوانە دێرینەکانی عێراق بەشداریان تیاییدا کردبوو، لەم کۆبوونەوەیە چ پێشنیارێکتان پێشکەش کرد؟**

- بایەخ دان بە وەرزش و دروستکردنی چەند یاریگەی مۆدێرن بۆ ئەوەی چەند یاریزانێکی بە توانا بۆ دوا رۆژ پێ رابگێنین، ئەوەی جێگەی داخە زۆربەی یانەکانی عێراق یاریگای شیاویان نییە بۆ یاریکردن یاخود بۆ مەشقکردن دابینکردنی یاریگای مۆدێرن دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی تۆپی پێ لە عێراق.

*** دوای گەیشتنت بۆ عێراق ئایا بارودۆخی ئێستای عێراق تووشی ستەمی نەکردی؟**

- ئەوەی راستی بێت تووشی ستەمێکی گەورەی کردم، چونکە دەچمە

هەر یانەیەکی عێراق هیچ شتێك نییە هەتا یاریگای شیاو نییە بۆ یاریکردن، کارێکی یەکجار زۆری دەوێ تاوەکو دووبارە بارودۆخی وەرزشی عێراق دەگەڕێتەوە ئاستی راستەقینەی خۆی.

*** ئایا ئەم سەردانەت بۆ عێراق دەبێتە هۆکاری ئەوەی بە یەکجاری بگەڕێتەوە عێراق؟**

- ئەوەی راستی بێت ئەم هەنگاوە چەندی هەنگاوێکی تری لە دوایە و بە تەواوی بیرم کردۆتەوە کەوا بە یەکجاری بەگەڕێمەوە عێراق بۆ ئەوەی خزمەتی بکەم.

*** دوای گەڕانەوت زیاتر حەز دەکەی لە کام بوار کار بکەی راهێنان یاخوود کاری کارگێری؟**

- هەر بوارێك بێت بتوانم خزمەتی عێراق بکەم و ئامادەم کار بکەم، جا چ کاری راهێنەرایەتی بێت کە ئێستا لە ولاتی ئەمەریکا راهێنەرم چ کاری کارگێری بێت کە شارازییەکی زۆرم لێ هەیە، بەڵام ئێستا حەزم لە کاری کارگێریە زیاتر هەرچەندە تا ئێستاش راهێنەرم.

*** گەر یەکێك لە یانەکانی عێراق بۆندێکی پێشکەش کردی بۆ ئەوەی ببیە راهێنەر ئایا ئامادەی ئەم پۆستە وەربگری لەم کاتەدا؟**

- سەرەتا بیر لەم بۆندە دەکەمەوە ئینجا بریاری کۆتایی دەدەم، چونکە دەبێ لە هەموو لایەنێك ئەم بۆندە بخوێنمەوە ئێنجا بریاری کۆتایم بدەم.

*** چۆن دەروانیە ئەم پێشکەوتنی یانەی هەولێر؟**

- یانەیەك بتوانێ ٣ ساڵ لەسەر یەکدی خولی نایابەکانی عێراق بۆ تۆپی پێ بە دەستبهێنێت ئەوە دەسلمێنێت کە یانەی هەولێر لە هەموو لایەنێکەوە پێشکەوتووە و هەروەها خاوەن دەستەی کارگێری پیشەگەرە ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام کاتێك سەیری یاریگام کرد ئەم پێشکەوتنم بە چاوی خۆم بینی لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی یاریگا پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی گەورە هەیە کە دەبێتە هۆکاری خزمەتکردنی یانەی هەولێر لە دوا رۆژ، لە هەمان کاتدا گوێبیستی بیری سەرۆکی یانەی هەولێر بووم بەراستی خاوەن بیرۆکەی دوا رۆژە، بۆیە یانەی هەولێر هەنگاوی راستەقینە دەهاوێت بۆ ئەوەی ببێتە یانەیەکی پیشەگەر.

*** هۆکاری دەرچوونی یانەی هەولێر لە جامی یەکێتی ئاسیا چییە؟**



- یانەی هەولێر زۆر نزیکبوو جامی یەکێتی ئاسیا بە دەستبهێنێت، بەڵام لە دواین یاری بەرامبەر یانەی کوێت لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری جێگای سەرسوڕمان بوو، چونکە یاریزانەکان هەستیان دەکرد کەوا سەرکەوتنیان بۆ چوار گۆشەی زێڕین مسۆگەر کردووە، بۆچوونێکی تریش هەیە ئەویش یاریزانانی یانەی هەولێر فشارێکی یەکجار زۆریان لەسەر بوو ئەمە کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی یاریزانەکان هەبوو، بەڵام یانەی هەولێر لەسەر رێگای راست دەڕوات.

*** ئایا مۆرکردنی بۆند لەگەڵ یاریزانانی پیشەگەر لە دەرەوەی عێراق دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی یانەکانی عێراق یاخود خولی عێراق بۆ تۆپی پێ؟**

- بەڵێ، مۆرکردنی بۆند لەگەڵ یاریزانی پیشەگەر دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی یانەکانی عێراق و خولی عێراق، چونکە ئێستا ئەستێرە لە تۆپی پێی عێراق نییە ئەمەش بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق دەگەڕێتەوە، دەستخۆشی لە یانەی هەولێر دەکەم بۆ ئەم هەنگاوە گەورەیە، بەڵام دەبێ یانەی هەولێر بۆند لەگەڵ یاریزانی پیشەگەر لە ئاستی بەرز مۆربکەن بۆ ئەوەی بە تەواوی سوودی لێ وەربگرن لە هەمان کاتدا یارمەتی یاریزانە لاوەکان بدەن بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاستیان بەرزبێتەوە، نەوەك بۆند لەگەڵ یاریزانێك مۆربکات هیچ ئاستی نەبێت تەنیا یاریزانی پیشەگەرە.



*** چۆن دەروانیە کێشەکانی یانەی زەوڕا؟**

- ئەمە شتێکی ئاساییە، چونکە پارە هەموو شتێك دەکات لە جیهان نەوەك بە تەنیا لە عێراق، بۆیە هەست دەکەم کێشەی یانەی زەوڕا تەنیا کێشەی پارەیە گەر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت دووبارە یانەی زەوڕا دەگەڕێتەوە ئاستی جارانی خۆی، چونکە قوتابخانەیە لە عێراق و خاوەن جەماوەرێکی یەکجار زۆرە لە عێراق.



*** چۆن دەروانیە ئاستی یاریزان حەیدەر سەبباح کە دەکاتە کورە برات؟**

- یاریزانێکی بە توانایە دوا رۆژێکی گەشی دەبێت گەر هاتووە دوور بوو لە لەخۆبایی بوون و گوێڕایەلی ئامۆژگارییەکان بێت.

لە کۆتاییدا فەلاح حەسەن لە پەیامێکی بۆ جەماوەردا گوتی: کاتێك کە یاریزان بووم زۆر لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری یاریم کردووە و یادگاری زۆر خۆشم لەم یاریگایە هەیە زۆر شانازی بەوە دەکەم کە جەماوەرێکی یەکجار زۆر منیان خۆش دەوێت بە تایبەتی لە شاری هەولێر پەنا بە خوا جارێکی تر سەردانی شاری هەولێر دەکەم.



# بەرازیل و ئینگلتەرە و ریال مەدرید و م

گۆمان لــەوە دانییە کاکا و رۆنی دوو ئەســتێرەی ناودارن کە لە دوو هەڵبژاردەی جیاواز بەشداری لــە مۆندیالــی داهاتوو دەکەن کە دوو قوتابخانەی پێشــکەوتووی تۆپی پێن و هەردووکیان خۆشەویســتی جەمــاوەرن و هەڵبژاردەکانی بەرازیــل و ئینگلتــەرە بــە تــەواوی چاویــان لــەم دوو یاریزانە کــە ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنن.

*** رۆنی گۆڵکار دەیەوێ ناوی ئینگلتەرە بگەڕێنێتەوە ؟**



- رۆنــی لــە ٢٤-١٠-١٩٨٥ لــە شــاری لیڤەرپــوول لــە دایکبــووە و لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا لە ریزی یانەی ئیڤەرتۆن دەســتی بــە تۆپی پێ کردووە تا ســاڵی ٢٠٠٤ بــەردەوام بووە لەگەڵ ئەم یانەیە ئاستێکی بەرچاوی نیشانداوە دواتر لە ٢٠٠٤وە پەیوەندی بە یانەی مانچســتەر یۆنایتدیاری کردوو و هەر لەوێ ناوبانگی دەرکرد و ئێستاش بوویتە ئەستێرەی یەکەم لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لەتەك یاریزان دێڤید بێکهام یاری دەکات ســەرەڕای ئەوەی رۆنی بە یاریزانێکی ئاســت بەرز نەناسراوە، رۆنی بە ئاواتی ئەوەیە بتوانێ ئاستێکی باش لە مۆندیال نیشان بدات وەکو ئەوەی لە ریزی یانەکەی نیشانیداوە، جێگەی باسە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ماوەیەکی زۆر ئاستی وەك پێویست نەبوو لە جامی مۆندیال و جامی نەتەوەکانی ئەوروپا، جەمــاوەری ئینگلتــەرە بە بوونی رۆنی بە گەشبینییەوە سەیری ئەنجامەکانی ئینگلتەرە لە مۆندیال دەکەن.

**رێگا بۆ ئەستێرایەتی**

یانەی ئێڤەرتۆن لــە ئینگلتەرە بە یانەیەکی ناودار ناوزەند ناکــرێ وا چاوەڕوان دەکرا ئەم یاریزانــە لاوە یانەیەك بدۆزێتــەوە کە بتوانێ خۆی بە خەڵك بناســێنێ بۆیە ساڵی ٢٠٠٤ خەونەکــەی هاتــە دی و رووی کردە یانەی مانچستەر یۆنایتد لەوکاتەدا بووە یاریزانێکی کاریگەری راهێنەر ئەلیکس فێرگسۆن ئەویش بە تۆمارکردنی گۆڵە جوانەکانی ولەبیرکردنی ئەنجامە خراپەکانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە.

**گۆڵکارێکی لێهاتوو**

رۆنی بەو ژمارە گۆڵانەی کە تۆماریکردووە بە باشــترین گۆڵکار دەژمێردرێت لە وەرزی یەکەمــی ١١ گــۆڵ لــە وەرزی دووەمی ١٤ گــۆڵ و لە وەرزی ســێیەمی ١٢ گۆڵ تۆمارکــردووە، رۆنــی لەگەڵ کریســتیانۆ رۆناڵدۆ پێش ئــەوەی بچێتە ریال مەدرید دوانێکــی کاریگەریان دروستکردبوو و توانیان هاوکاری یانەکانیان بکەن بۆ بە دەستهێنانی چەندین نازناو لەوانە ٣ جار خولی یانــە پلە نایابەکانــی ئینگلتەرە و ٣ جاریــش خولی یانــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و جارێکیش جامــی یانەکانی جیهان، دوای رۆیشــتنی رۆناڵدۆ لە یانەی مــان یۆنایتد ئایا رۆنی دەتوانێ بــە تەنیا ئەم کارە بخاتە ئەستۆی خۆی و بتوانێ نازناوەکان وەربگرێ بۆ یانەکەی.

**ئایا دەتوانــێ دەســتکەوتەکانی ئینگلتەرە بگەڕێنێتەوە؟**

- ئینگلیزییەکان لە خاکی خۆیان و لە بەردەم

# ـــــان یۆنایتد چیان لە کاکا و رۆنی دەوێ



جەماوەرەکەیان ساڵی ١٩٦٦ توانیان نازناوی مۆندیال بنەوە و لەم رۆژەوە تا ئەمرۆش جەماوەری ئینگلتەرە تامەزرۆ و تینووی دەستکەوتی زیاترن لە ئاستی جیهان، پسپۆران وای بۆ دەچن کە هەڵبژاردەی ئێستای ئینگلتەرە دەتوانێ ئەم نازناوەی مۆندیالی داهاتوو بنەوە، چونکە گشت نیشانەکانی سەرکەوتنیان لێ بەدی دەکرێ، بۆیە پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەر دەبێ لە لایەن جەماوەر.

**کاکا ئەستێرەیەکی بەرازیلیە، بەڵام بەشێوەیەکی ئەوروپی**

ریکاردۆ ئەزیکسۆن دۆس سانتۆس لیتی کە بە (کاکا) ناسراوە لە ٢٢-٤ — ١٩٨٢ لە شاری ساوپاولۆ لە دایکبووە و ساڵی ٢٠٠١ وەکو یاریزانێکی پیشەگر لە یانەی ساوپالۆ دەستی پێکردووە ئەو کات لە لای خەڵك نەناسرابوو سەرەڕای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٢ بە فەرمی هاتە رێزی هەڵبژاردەی یەکەمی بەرازیل، یانەی میلانی ئیتاڵی توانی ساڵی ٢٠٠٣ ئەم یاریزانە بە مێژووی تۆپی پێی ئەوروپی بناسێنێ و بە بڕی ٨,٥ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی پێوەبکات لەوکاتەوە ناوبانگی دەرکرد و لە جیهان بە گشتی ناسراو بووە یاریزانێکی سەرەکی یانەی میلان و هەڵبژاردەی بەرازیل، کاکا ئێستا لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدایە و کاتێکی زۆری لە پێشدایە بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر پێشکەش بکات و زۆرترین نازناو وەربگرێ، کاکا یەکەمین نازناوی بە دەستهێنانی مۆندیالی ٢٠٠٢ بوو کە وەکو یاریزانێکی یەدەگ بەشداری دەکرد کاکا دوای پەیوەندکردنی بە یانەی ریال مەدرید لە هەموو لایەکەوە گرنگی زیاتری پێ دەدرێ کە بڕی ٧٣ ملیۆن یۆرۆی پێدراوە کە بە دووەمین گەورەترین بۆند دادەنرێ دوای کریستیانۆ رۆناڵدۆ

**ناوی کاکا لە کوێ هاتووە**

یاریزانانی بەرازیلی بەوە ناسراون کە ناوی خۆیان کورت دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بێتە سەر زمانی خەڵك بۆیە ناوی کاکا لە ٥ وشە کراوەتە کاکا، ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە کە برا بچووکەکەی نەیدەتوانی ناوی خۆی بانگ بکات و بە کاکا بانگی دەکرد و لەو رۆژە و کەس و کارو بنەماڵەکەی بەناوی کاکا بانگی دەکەن، کاکا هەر لە منداڵیەوە حەزی دەکرد کە بۆ یانەی میلان یاری بکات و لە ساڵی ٢٠٠٧ سێ نازناوی گرنگی بە دەستهێنا لەوانە جامی سوپەری ئەوروپا و جامی یانەکانی ئەوروپا و جامی یانەکانی جیهانی و لە هەمان ساڵیشدا توانی نازناوی باشترین یاریزانی جیهانی و خەڵاتی تۆپی زێڕی جیهانی وەربگرێ.

**تاقیکردنەوەیەکی سەخت لەگەڵ ریال مەدرید**

لە هاوینەی رابردوو کاکا بەفەرمی پەیوەندی بە یانەی ریال مەدرید کرد سەرەڕای ئەوەش چەندین بۆندی بەهای گرنگی بۆ هاتووە لە زۆربەی یانەکانی جیهانی گرنگترینیان لە یانەی مانچستەر سیتی کە بۆندەکەی خەیاڵی بوو، جەماوەری میلان چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە کاکا میلان بەجێبهێڵێ بۆیە چوونی بۆ یانەی شاهانی چاوەڕواننەکراو بوو بە گشتی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی بەرازیل و جەماوەرەکانیان داوا لە کاکا دەکەن ئەنجامی باشیان بۆ بە دەست بهێنن و کاکا دوو شێوازی یاریکردنی باشی هەیە لەوانە هونەرییەکانی بەرازیل و بە هێزی یاریکردنی ئیتاڵیا.

# تیروپشکی خولی پلە نایابەکانی عێراق ئەنجامدرا



## کۆمەڵەی کوردستان بە کۆمەڵەی ئاسن ناوەزەند دەکرێت

هەفتەی رابردوو لە شـــاری بەغدا بـــە ئامادەبوونی زۆربەی یانە بەشـــداربووەکان جگە لە نوێنەری یانەکانـــی هەولێر و کەرکووك و سیروانی نوێ و سلێمانی رێورسمی تیروپشکی خولی پلە نایابەکانی عێراق ئەنجامدرا بە بەشداریکردنی ٣٦ یانە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کران ،کۆمەڵەی باکوور و کۆمەڵەی باشوور لە هەر کۆمەڵەیەك ١٨ یانە، لە هەر کۆمەڵەیەك ٥ یانە بۆ خولی بژاردە سەردەکەوێت و لە هەر کۆمەڵەیەك ٥ یانـــە دادەبەزێ بۆ خولی پلە یەکەکانی عێراق بەمـــەش وەرزی داهاتوو خولی عێراق دەبێتە ٢٨ یانە، دوای ئەوەی ١٠ یانە بۆ خولی بژاردە ســـەردەکەوێت ئەم ١٠ یانەیە بەســـەر دوو کۆمەڵە دابـــەش دەکرێت هەر کۆمەڵەی ٥ یانە، لەم دوو کۆمەڵەیە لە هەر کۆمەڵەیەك دوو یانە بۆ چوار گۆشەی زێڕین سەردەکەوێت دواتر بە شـــێوازی بڕین یاری دەکەن بۆ دەستنیشان کردنی پاڵەوانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ ئەمســـاڵ، کۆمەڵەکانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بەمشێوەی خوارەوەیە.

**کۆمەڵەی باشوور**

هەولێر- دهۆك- پێرس- ســـیروانی نوێ- موســـل- سامەرا-دیالە- شەرگات- ســـلێمانی- کەرکووك- زاخۆ- رومادی- سەڵاحەدین- زەورا- قوە جەویە- بەغدا-مەسافی- کارەبا.

**کۆمەڵەی باکوور**

ناسریە- سەماوە- نەفتی میسان- دیوانیە- نەجەف- مینا- میسان- نەفتی باشـــوور- کوفە- کەربلا- تەڵەبە- شـــوڕتە- نەفت- حدود- حەسنێن- بەرید- کەرخ- سناعە.

یارییەکانـــی هەفتەی یەکەمی خولی پلـــە نایابەکانی عێراق بەم شێوەی خوارەوە بەرێوە دەچێت.

**کۆمەڵەی باشوور**

| | |
|---|---|
| هەولێر — زاخۆ | یاریگەی هەولێر |
| پێرس — دهۆك | یاریگەی پێرس |
| سلێمانی — مەسافی | یاریگەی سلێمانی |
| سیروانی نوێ — سەڵاحەدین | یاریگەی سیروانی نوێ |
| کارەبا — کەرکووك | یاریگەی کارەبا |
| قوە جەویە — زەورا | یاریگەی قوە جەویە |
| رومادی — موسل | یاریگەی رومادی |
| شەرگات — بەغدا | یاریگەی شەرگات |
| سامەرا — دیالیە | یاریگەی سامەرا |

**کۆمەڵەی باکوور**

| | |
|---|---|
| نەفتی باشوور — دیوانیە | یاریگەی نەفتی باشوور |
| میسان — نەفتی میسان | یاریگەی میسان |
| تەڵەبە — مینا | یاریگەی تەڵەبە |
| بەرید — سناعە | یاریگەی بەرید |
| شوڕتە — حدود | یاریگەی شوڕتە |
| نەجەف — کوفە | یاریگەی نەجەف |
| ناسریە — کەرخ | یاریگەی ناسریە |
| کەربەلا — نەفت | یاریگەی کەربەلا |
| سەماوە — حەسنێن | یاریگەی سەماوە |

جێگەی باسە یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی عێراق لە ٣٠-١٢ دەست پێ دەکات.

## پاڵەوانیەتی کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحدین لە یاری فۆتسال بەکۆتاهات

هەفتەی رابردوو یاری کۆتایی پاڵەوانیەتی کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحدین بۆ فۆتسال هات ئەنجامدراکە ١٣ کۆلێژ بەشدارییان تیاییدا کردبوو بە سیستەمی دەرچوون بە دوو دۆران یارییەکان بەڕێوە دەچوو، لە یاری کۆتایی کە لە یاریگەی بچووکراوەی کۆلێژی پەروردەی وەرزشی هەولێر لە نێوان هەردوو کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی و زانست بەڕێوەچوو، لە یارییەکی بەهێزدا لە نێوان هەردوو کۆلێژ، کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی توانی یارییەکە بە ئەنجامی ٢-٠ گۆڵ بباتەوە هەردوو گۆڵ لە ڕێگای یاریزان هێمەن فوئاد تۆمار کرا، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا لە لایەن ئامادەبووان و خەڵاتەکانیش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

باشترین یاریزان : رامیار ئازاد کۆلێژی زانست

باشترین گۆڵچی: کاوە هاوار کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی

# یانەی زاخۆ بەرەو خولی پلە نایابەکانی عێراق پیرۆزە



دوای ئەوەی یەکێتی کاتی تۆپی پێی عێراق بڕیاریدا یارییەکانی بەرایی بۆ شەش یانە بکاتەوە بۆ ئەوەی سەرکەون بۆ خولی پلە نایابەکانی عێراق ئەو یانانەی کە دەستنیشان کرابوون بۆ ئەوەی ئەم خولە ئەنجام بدەن هەریەکە لە زاخۆ – کەرخ – سیاحە – جۆلان – مەسافی باکوور – هندیە بوون، گشت یارییەکانیش لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو کە تیاییدا لەم شەش یانەیە هەردوو یانەی زاخۆ و کەرخ توانیان سەرکەون بۆ خولی پلە نایابەکانی عێراق، یانەی زاخۆ لەم پاڵەوانیەتیە تووشی چەند گرفت هات ئەویش بە بڕیارێکی سەیر ڕێگا بە یانەی ناوبراو نەدرا یاری بە ٣ یاریزانی پیشەگر بکات بە بێ هیچ روونکردنەوەیەك، بەڵام لە یارییەکانی دواتر تەنیا ڕێگایان بە یاریزانی پیشەگەری فەڵەستینی دا یاری بکات، یانەی کەرخ لەم پاڵەوانیەتیە ٥ یاری ئەنجام دا لە ٢ یاری سەرکەوتنی بە دەستهێنا و لە ٣ یاری یەکسان بوون، ئەنجامەکانی یانەی زاخۆ لەم پاڵەوانیەتیە بەمشێوەی خوارەوە بوو

زاخۆ – هیندیە ١-١ گۆڵی یانەی زاخۆ لە ڕێگای برۆژ جادر تۆمار کرا.

زاخۆ – جۆلان ٥-٢ مستەفا باسل ٢ گۆڵ – برۆژ جادر ٢ گۆڵ – عامر خلیف

زاخۆ – سیاحە ٣-٠ برۆژ جادر – مستەفا باسل – عەلی سەبار

زاخۆ – مەسافی باکوور ٢-٢ سەنان فوزی – مستەفا باسل

زاخۆ – کەرخ ٠-٠

ئەمەش ریزبەندی کۆتایی ئەم پاڵەوانیەتیە

١- یانەی کەرخ ٩ خاڵ
٢- یانەی زاخۆ ٩ خاڵ
٣- یانەی مەسافی باکوور ٨ خاڵ
٤- یانەی هیندیە ٦ خاڵ
٥- یانەی جۆلان ٣ خاڵ
٦- یانەی سیاحە ١ خاڵ

لەم پاڵەوانیەتیە ئەستێرەی یانەی زاخۆ برۆژ جادر ئاستێکی یەکجار بەهێزی نیشاندا توانی چەندین گۆڵ چارەونووساز تۆمار بکات بە هەمان شێوە یاریزان مستەفا باسل ئەویش ئاستێکی باشی نیشاندا، ئەمەی خوارەوە گۆڵکارەکانی یانەی زاخۆیە.

بەرۆژ جادر – مستەفا باسل ٤ گۆڵ

عامر خلێف – عەلی سەبار – سنان فوزی ١ گۆڵ

بەناوی فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان پیرۆزبایەکی گەرم ئاراستەی یانەی زاخۆ دەکەین بە بۆنەی سەرکەوتنیان بۆ خولی نایابی عێراق هیوادارین لە خولی نایابەکان ئاستێکی باشتر نیشان بدەن بتوانن ئەنجامی باشتر بە دەستبهێنن.